ئاخاوتنی کچێکی کوردی نۆ ساڵە لەگەڵ باوکیا دوای کوشتنی فاتمە لە سوید:

پوختەیەکی کەمی ئەم وتارە لە بناغەدا بە زمانی سویدی نووسراوە و لە ڕۆژنامەکانی "سڤێنسکا داک بلادێت" و "یۆتێبۆری پۆستن"دا بلاوکراونەتەوە، بەشێکی تریشی بە شێوەی چەندین سیمینار و کۆڕی جۆراوجۆر بە زمانی سویدی پێشکەش کراوە.





**فاتمە و دەسەڵاتەکانی باوکسالاری**

کوشتنی فاتیمەی کچە کوردی کوردستانی تورکیا لە لایەن باوکییەوە، لە کاتێکدا کە هێشتا پرۆسەی دادگایکردنی بکوژانی"پێلا" کە لە لایەن مامەکانی خۆیەوە برایەوە بۆ کوردستان و لە شاری دهۆکدا کوژرا و بە کۆتایی خۆی نەگەیوە، گەورەترین کاردانەوەیی مێدیایی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای سویددا بەدوای خۆیدا هێنا، جگە لەم کاردانەوە گەورەیەی کۆمەڵگا، هاوکات کۆمەڵگای کوردیشی لە سویددا لەبەردەم کۆمەڵێك پرسیاری کوشندەدا راگرت، ئەو پرسیارانەی کە دەبووایە بەر لەوەی لەسوییدا بێتە جێگای گومانی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی، لە دەرەوە و لە ژێر بۆمبارانێکی مێدیایی گەورەدا کە رەهەندی راستییەکەی لە بەهێزکردنی بیروبۆچوونی دژی پەنابەراندا شاردراوە نییە، بوونە پرسیاری رۆژ و هەریەکە و بە تێگەیشتنی خۆی وەڵامی پێدایەوە، هاوکاتیش کێشەی کچان و ژنانی پەنابەری هێنایە ئاستێکی تر.

ئەوەی لە کەیسی کوشتنی فاتیمەدا تەواوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا ناچاربوون هەڵوێستی بەرانبەر بنوێنن، تەنها خودی کوشتنی ئافرەتێکی ئاسایی نەبووە کە چەقۆی تیژی نامووسپەرستی و باوکسالاری لە ناو دەستە خوشکەکانیدا بێبەزەییانە خەڵتانی خوێنی کرد، بەڵکو کوشتنی دەنگێك بوو کە ئازایانە هاتە سەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکان و لە



لاپەڕەی ڕۆژنامەکانەوە سەرگوزشتەی هەزاران لە کچان و ژنانی پەنابەری گێڕایەوە، کە ڕۆژانە لە بڵندگۆی " پاراستنی فەرهەنگی خۆوە" بانگەوازی بێبەشبوون لە سادەترین مافە ئینسانییەکانی خۆیان بە گوێدا دەدرێت، پێش فاتیمە هیچ کچێکی پەنابەر باسی ئەوەی نەکردبوو، کە کچانێکی وەکو ئەو لەلایەن دایك و باوکیانەوە ناچاردەکرێن، کە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان و پیاوێکی دڵخوازی دایك و باوکیان نەك خودی خۆیان بهێنن، کوشتنی فاتیمە کوشتنی ئەو دەنگە بوو، کە هەزاران ئافرەتی پەنابەر لە گەروویاندا تاسا بوو و فاتیمە بووە بڵند گۆی دەنگی ئەوان.

**خاڵی دەستپێکردنی مێدیاکان:**

ڕۆژنامەی مێترۆی بەیانیانی سوید لە ڕێپۆرتاژێکی درێژدا دەنووسێ:" فاتیمەیان کوشت، چونکە کورد دۆستەکەی سویدی بوو."، بەڵام مێترۆ تەنها نەبوو، سەرتاپای ڕۆژنامەکانی سوید هەمان ناونیشانیان بە کەمێك پاش و پێشخستنی وشەکانەوە نووسی بوو، بۆگەنی راسیزمێکی گەورە لەو وشانە هەڵدەستێت، ئایا ئەگەر کورد دۆستەکەی فاتیمە کورد بوایە، دەتوانرا ژیانی ئینسانێك بکڕدرێتەوە؟ پرسیارێکە و بە زەینی زۆر کەسدا دێت، ئایا باوکی فاتیمە کە زیاتر لە بیست ساڵە لەم وڵاتەدا دەژی و بە راسیزمی ئەم وڵاتە توڕە دەبێت، خۆی لە جێگای راسیستێکی تری پێچەوانەوەدا نابینێتەوە؟ مەگەر رقبوون لە کەسێك کە سەر بە



نەتەوەیەکی ترە هەر لەبەرئەوەی دۆستی کچەکەیەتی، جۆرێکی تر لە راسیزم نییە؟ ئەمانە و گەلێك پرسیاری تر بە خەیاڵی خوێنەری زۆرێك لە وتارەکاندا دێت، ژمارەی ئەو دەنگانەی کە بە دژی بەرجەستەکردنەوەی کەیسی کوشتنی فاتیمەوە بوون لە مێدیاکاندا، خاڵێك دووپاتدەکەنەوە.

کۆردۆ باکسی لە رۆژنامەی ئێکسپرێسندا دەڵێ:" من ترسم لە ڕاوە کورد هەیە". نوێنەرانی کۆمەڵە کوردییەکان یەك بە یەك لە رەشبوونی وێنەی کورد و مۆرکردنی ناوچەوانی کوردەکان بە ژنکوژ دەپەیڤن، بۆیەش زۆر ئاشکرا ئینکاری لە بوونی وشەیەك دەکەن لە زمانی کوردیدا کە پێی دەوترێت تاوانی شەرەف، بەڵام ئەوە تەنها رووناکبیرانی کورد نەبوون کە لە بەرانبەر پرسیاری تاوانەکانی شەرەفدا ئینکارییان لە رەهەندی کولتوری ئەم جۆرە لە تاوان کرد، بەڵکو بەشێکی بەرچاوی رووناکبیران و نووسەرانی سویدیش بەم لەشکرەوە پەیوەست بوون، لە هەڵوێستی دەستەی دووەمیاندا (کەڵك وەرگرتنێکی ڕاسیستانە) لە ئەگەری بەرجەستەکردنەوەی ڕەهەندی کولتوری تاوانەکانی شەرەفدا، وەك بەڵگەیەك بەرزدەکرێتەوە، سەرنجڕاکێشیش لە پەیوەند بە هەڵوێستی ئەم دەستەیە لە رووناکبیرانی سویدا، ئەوەیە کە دەنگبەرزترین نووسەرانی دژی راسیزمی سویدن و خۆشەویستییەکی لە رادە بەدەریان بە پەنابەران هەیە، خۆشەویستییەك کە لە زۆر پرسیاردا لە شێوەی بەزەیی پیاهاتنەوەیەکی "ئینسانییانەدایە" بەو کائینەی کە لەمڕۆی